

# «زیندان، قوتابخانەی ئەدەبیی هاوچەرخی تورکیایە»

ئا: شەریف فەلاح

یەشار کەمال (کەمال سدیق گوکچەلی) 90 ساڵ لەمەوپێش لە گوندێکی باکووری کوردستان بە ناوی «هەمیتە» سەر بە هەرێمی عوسمانی، کە ئەمڕۆ بە «گوکچەدام»یش دەناسرێ، لەدایک بووە. بە وتەی خۆی کەلە دیمانەیەکدا کە لەگەڵ «ئالن بوسکە» نووسەری هاوڕێی فەرەنسی ئاشکرای کردووە، دەڵێ: پێشبینی دەکەم ساڵی 1923 لەدایک بووبێتم، هەرچەند لەوانەیە ئەم پێشبینیەش هەڵە بێت. هەندێک دەڵێن ئەوکاتە لەدایک بووم، کە عێڵ و رەوەندەکان لە ئێلاخ و کوێستان دەگەڕانەوە، خەڵکی لای ئێمەش لە کۆتاییەکانی مانگی ئۆکتۆبەردا لە کوێستان و هەوار دەگەڕانەوە. لانیکەم دەکرێ بڕوا بەم رێکەوتە بکرێت. دایک و باوکی چەند ساڵێک بەرلە لەدایک بوونی ناسانامەیان بۆ

دەرهێنابوو و فەرمانبەری رەگەزنامە و باری شارستانیش بە مەیلی خۆی رێکەوتی 6ی ئۆکتۆبری ساڵی 1923ی لەناو ناسنامەکەی نووسیوە. سەردەمی منداڵی کەمال نەتەیا بە هەژاری و دەستەنگی گوزەراوە، بەڵکو لەناو جەرگە و چەقی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، دامـەزرانـی کۆماری تورکیا و هەوڵەکانی ئەتاتۆرک بۆ مۆدێرانیزاسیۆنی وڵاتی تورکیا بووە. یەشار بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆ لە منداڵیدا چاوێکی لەدەستداوە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا کوژرانی باوکی خۆی بەدەستی زڕبرایەکی لە مزگەوت و لەکاتی نوێژدا بینیوە. ئەم رووداوە کاریگەریی روخێنەر و خراپی کردووەتە سەر بیر و باری دەروونیی کەمال، کە تووشی تەتەڵە و زمانگیران بووە و بۆ مـاوەی حەوت ساڵ، پاشان چارەسەر کـراوە. یەشار کەمال، لە تەمەنی 9 ساڵیدا رۆیشتووەتە قوتابخانە و چەندین پیشە و کاری جۆراوجۆری وەک: «شوانی، بۆیاخچی، نامەنووسی، کرێکاری کارگە و شۆفێریی تەراکتۆر»ی تاقیکرەوە. وەک خۆی دەڵێ، باشترین رۆژەکانی ژیانی ئەوکاتانە بووە کە شۆفێری تەراکتۆر بووە.

ژیان و بەرهەمی یەشار کەمال، لەبەرئەوەی کوڕی سەردەمێکی ئاڵۆز و پڕ لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری بووە، پڕن لە هەوراز و نشێوی کۆمەڵایەتی - سیاسیی کۆمەڵگەی تورکیە و بەتایبەت ژیان و دابونەریتی لادێ و گوندنیشیان و ئەو نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییانەی کە سیستەمی دەرەبەگایەتی و فیۆدالی دەرهەق بە خەڵکی هەژار و دەستەنگ و سەپان و جوتیار کردوویانە. لەم سۆنگەیەوە لەوانەیە بکرێ لەلایەک یەشار کەمال بە هاوتەمەنی کۆماری تورکیا و لەلایەکی دیکەشەوە تەوەری سەرەکیی بەرهەمەکانی بەرەنگاری و تێکۆشانە لە هەمبەر نادادپەروەری و ستەم و کاولکاری و خەباتە لەپێناو ئـازادی، مافی مـرۆڤ و گەڕاندنەوەی کەرامەت و بەهای مرۆڤ، کەواتە یەشار کەمال، زادە و رۆڵەی ئازار و رەنج و ژانێکە کە عوسمانییەکان، پاشان دەوڵەتی نوێی ئەتاتۆرک بەسەر کۆمەڵگەی تورکیا و بەتایبەتی کوردستانی باکووریاندا هێناوە. یەشار لە لە ماوەی زیاتر لە 60 ساڵ لە نووسین دەیان رۆمان و کۆمەڵێکی بەرچاو چیرۆکی بەرهەمهێناوە کە رۆمانی چوار بەرگیی «حەمەدۆک» کە یەکەم رۆمانیەتی، بەناوبانگترینیانە. ئەم رۆمانە کە تراژیدیای ژیانی کۆمەڵگەیەکی چەوساوەی دەستی ستەم و نادادپەروەریی حکومەت لەلایەک و فیۆداڵ و دەرەبەگەکان لەلایەکی ترە، سیمایەکی واقیع لە تورکیای ئەوکات پیشاندەدات کە نوقمە لە زوڵم و کوشتن و راوەدوونـان و خەبات و بەرنگاری بۆ ژیانێکی ئاسوودە.

## یەشار کەمال بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی، بەرگری لە مافی کەمینەکان، بەرگری لە کورد، ئەرمەنی و عەلەوییەکان، چەندین جار دەستبەسەر و زیندانی کراوە

**وێنایەک لە حەمەدۆک:**

لە ڕۆمانی «حـەمـەدۆک»دا دەبینین لە پێدەشتێک لە داوێنی شاخی «تۆرۆس»، لە گوندێک کە هەموو زەوی و زارەکانی لەلایەن ئـاغـاوە قەبزە و داگـیـرکـراون، مێرمنداڵێک بەناوی حەمەدۆک کە بە «باریکەڵە»ش دەناسرا، دەژیا. ئاغای گوند هـەر ساڵە ئیجارە بەهایەکی قورس لە گوندنشینان دەسێنێ و ئەوانیش لەوپەڕی هــەژاری و دامــاویـدا دەژیــن. سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆن و دواکەوتوو بە گرتنەبەری سەرکوت و تۆقاندن هەوڵی دەمکوتکردنی خەڵکی ناڕازی دەدات. حەمەدۆک چەندین جار هەڵدێت و بەتەمایە خەجیج کـە عاشقیەتی لەگەڵ خۆی ببات، بەڵام ئاغا بەتەمایە لە برازاکەی خۆی مارەی بکات. کاتێک دەستبەسەری دەکـەن، برازاکەی ئاغا دەکوژێ و ئاغاش بریندار دەکـات. حەمەدۆک کە ناوبانگی دەرکـردووە و خەڵک خۆشیان دەوێ، بێجگە لەوەی کە بدانە شاخ و کێوان و دەست بدانە یاخیگەری و چەتەیی، هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە، بەڵام چونکە لە بەرانبەر زۆر و ستەم و نادادپەروەریدا وەستاوەتەوە و دەبێـتە خۆشەویستی خەڵک. بۆ ماوەیەک دەبێـتە سەردەستەی گرووپێکی ڕێگر و چەتە، دواتر لـەوانـیـش رادەپــــەڕێ، چونکە کـاری ناشایست و نامرۆڤانە دەکــەن، بـەڵام پـاش مـاوەیـەک گرووپێکی تایبەت بەخۆی پێکەوە دەنێ. دواتر حەمەدۆک دەبێتە یاخییەک کە دەبێتە جێگای ترس و دڵەڕاوکێی ساماندار و خاوەن مڵک و ئاغاوانەکان و دەبێتە خۆشەویستی چینی هــەژار و دەستەنگ و لەناو خەڵک دەبێـتە ئەفسانە و ئــارەزووی دینێ دەکەن.

**زیندان، قوتابخانە، ئەدەب:**

یـەشـار کـەمـال کـە بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی، بەرگری لە مافی کەمینەکان، بەرگری لە کورد، ئەرمەنی و عەلەوییەکان، چەندین جار دەستبەسەر و زیندانی کراوە، لەم بـارەوە دەڵێت: «بێگومان زیــنـدان، قوتابخانەی ئەدەبیی هاوچەرخی تورکیایە». یەکەم جار لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا دەستبەسەر کرا، پاشان لە ساڵی 1950 زیندانی کراوە، کە زۆریان ئازار و ئەشکەنجە داوە، هەمیسان ساڵی 1971 دەستبەسەر کراوە کە بەهۆی ناڕەزایەتی نێودەوڵەتییەوە ئـازاد کـراوە، بـۆ دوایـیـن جار ساڵی 1995 لەبەر چاپی وتارێک لە هەفتەنامەی شپیگڵی ئەڵمانی دەستبەسەر کراوە کە سەرەتا بە بیست مانگ زیندانی حوکمدراوە کە ئـەم جـارەش لەژێر زەختی ئیعترازی نێودەوڵەتیدا ئازاد کراوە. یەشار کەمال لەو وتارەدا بە توندی رەخنەی لە کـردەوە و سیاسەتە هەڵە کلتوورییەکانی تورکیا، هەروەها سەرکوتی بێبەزییانەی کورد و رۆشنبیران گرتبوو و بە «جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی»ی وەسفکردبوو. سەردەمێک زەخت و گـوشـارەکـان بـۆ سـەر یەشار کەمال هێندە زیـادی کردبوو، کە بە ناچاری بۆ ماوەیەک لە وڵاتی سوید ژیاوە. یەشار کەمال ئێستاش لە زۆرێـک لە بـزاوت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری دەکات و لە پشتیوانی دامـەزراوە مەدەنییەکان درێغی ناکات. بە وتەی خۆی بەردەوام هەوڵیداوە وەکو دڕوویەک بێت و بچەقێتە چاوی حکومەتدا و لەم بارەوە وتویە: «من ترسم لە ترسانە. هەوڵمداوە کاتی نووسینی رۆمانەکانم بەسەر ترسدا زاڵ بم» کە ئەمە وتەیەکە ناکرێ هیچ گومانێک لە بوێریی ئەم نووسەرە بە هەڵوێستە بکرێ.

**رەخنەگران:**

هەندێ لە رەخنەگرانی ئەدەبی لەو باوەڕەدان، ئەگەرچی یەشار

کەمال هاوکات لەگەڵ ئۆرهان پامۆک و نازم حیکمەت یەکێ: لە گرنگ و ناسراوترین نووسەرانی سەدەی بیستەمی تورکیایە و خاوەنی ناوبانگێکی جیهانیشە، بەڵام ناچێتە ریزی نووسەرانی مۆدێرنی تورکیای هاوچەرخەوە. بەڕای ئەو رەخنەگرانە یەشار کەمال و پامۆک لە چەندین بوارەوە هەڵگری تایبەتمەندیی و دوو دنیای لێک جیاوازن. کەمال خاوەنی بیرێکی چەپی رادیکاڵە و لەدایک بووی لادێیە و کەسێکی هەژارە، بەڵام پامۆک لیبراڵێکی دیموکراتە و سەر بە بنەماڵەیەکی شارنشین و مۆدێرنە. رەخنەگران لەبارەی ئەدەبییەوە یەشار کەمال بە نوێنەری چینی نەریتیی کۆمەڵ و کەسێکی پابەندی نەریتەکان دەزانن، هاوکات پامۆکیش بە نووسەرێ:ی مۆدێرن لە قەڵەم دەدەن. ئەوان ناوەڕۆک و هەوێنی بەرهەمەکان یەشار بە دووپاتە و تۆخمی خەیاڵ وەسف دەکەن و بەرهەمەکانی پامۆکیش بە بەرجەستەتر دەزانن و لەو باوەڕدان، کە یەشار تورکیایەک وەسفدەکات، کە ئیدی رەوییوەتەوە. بەگشتی ئەو بە نووسەرێک دادەنێن، کە پێچەوانەی پامۆک بەدوور لە ئەدەبی پۆست مۆدێرن دەنووسێت.

**خەڵاتەکان:**

یەشار کەمال جیا لە وەرگرتنی چەندین خەڵاتی جۆراوجۆر، ساڵی 1973یش بو بە بەربژێری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی و ساڵی 1977 خەڵاتی ئاشتیی وشانگە و کتێبفرۆشانی ئەڵمانیای مسۆگەر کرد. ساڵی 2008 لەلایەن عەبدوڵڵا گویل سەرکۆمار بە بایەخترین خەڵاتی ئەدەبیی تورکیای پێشکەش کرا و لە وتەیەکدا ناڕاستەوخۆ لەبەر ئەو هەڵسوکەوتانەی تورکیا بەرانبەری کراوە، داوای لێبوردنی لێکرد. بەپێی سەرچاوەکان یەشار کەمال بە نیشانەی نارەزایەتی بە هەڵسوکەوتەکانی تورکیا بەرانبەر بە خۆی سەرەتا ویستبووی لە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە خۆی ببوێری، بەڵام پاش دڵنیابوون لەوەی کە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە یارمەتی بە باشتربوونی رەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا دەکات، پاشان رازی بوو کە وەری بگرێت.

ساڵی 2011 خەڵاتی «لژیۆن دونۆر» کە بەرزترین خەڵاتی شانازیی فەرەنسایە، پێی بەخشراوە.

وەزارەتی رۆشنبیری و کلتووری ئەرمەنستان لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی 2013 لەبەر حورمەت و رێزی ئەو نووسەرە بۆ پێگە و فەرهەنگی ئەرمەنییەکان، خەڵات و هێمای ئەدەبیە ئەو وڵاتە کە بەناوی «گریگۆر نارکاستی» شاعیر و فەیلەسووفی دیناسی ناسراوی ئەرمەنییە، پێ بەخشیوە.

**بەرهەمەکان:**

یەشار کەمال کە ئێستا تەمەنی 90 ساڵە هێشتا هەر دەنووسێت و مانگی سێپتامبری ساڵی 2013 کتێبێکی دیکەی بەناوی بەناوی «باڵندەیەکی یەک باڵ» کە چل ساڵ لەمەوپێش نووسیویەتی داویەتی بە دەزگای چاپ. بەشی یەکەمی رۆمانی چوار بەرگیی «حەمەدۆک» کە یەکەم جار لە ساڵی 1955 بە شێوەی پاشکۆ لە رۆژنامەی کۆمار بڵاوکرایەوە، رۆمانی حەمەدۆک جیالە گرنگی و پێگەی لەناو تورکیا، بۆ یەشار کەمالیش ناوبانگێکی جیهانیی مسۆگەر کرد، کە بۆ زیاتر لە چل زمانی دنیا وەرگێڕدراوە و بوەتە هەوێنی فیلمێکی سینەماییش.

زیاتر لە 20 رۆمان و چەندین کۆمەڵە چیرۆکی نووسیوە و هەندێک لە بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە 40 زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراون.


**سەرچاوە:**

- بەشی فارسیی ماڵپەڕی فەرمیی بی بی سی (BBC)
–http://www.bbc.co.uk/persian/arts/2013131018/10/_151_yasar_kemal_anni.shtml

- ماڵپەڕی فەرمیی فارسیی دۆیچەوێلە
_ http://www.dw.de/